گەنجینەی ئەمریکا سەپاندنی سزا بەسەر فەرماندەی سوپای سودان عەبدولفەتاح بورهان ڕادەگەیەنێت

گەنجینەی ئەمریکا، ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەپاندنی سزا بەسەر فەرماندەی سوپای سودان، عەبدولفەتاح ئەلبورهان ڕاگەیاند.

پێشتریش سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی بۆ ئاژانسی ڕیتەرزی ڕاگەیاندبوو، "هەکاری ئەم هەنگاوە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی سودانەوە بۆ ئامانجکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی و ژێرخانی مەدەنی و ڕەگریکردن لە هاتنی هاوکاری و ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لە دانوستانەکانی ئاشتی لە ساڵی ڕابردوودا".

هەفتەی ڕابردوو ئەمریکا سزای بەسەر محەمەد حەمدان دەگەڵە فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی خێرادا سەپاند، دوای ئەوەی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەندامانی ئەو هێزە و کوتلە هاوپەیمانەکانی کەمەکوژییان لە سودان ئەنجامداوە.